# دكتۆر سومیی یە فەرهات ناسر ژنە هەلسوراوی فەلەستینی كۆریكی لەسەر تەندوتیژی
# ئیسرائیل لە دژی فەلەستینیەكان لە شاری فریبۆرگی سویسرا گرت

رۆژی 28.11.2006 ژنە هەلسوراوی فەلەستینی دكتۆر سومی یە فەرهات ناسر سیمیناریكی بەست لە شاری فریبۆرگی سویسرا بە یارمەتی هەردوو ریخراوی سویسری {كۆمەلەی سویسرا– كوبا و ریخراوی ئەتاكی سویسری}.
خانم سومی یە هەلسوراوی سەنتەری كچە گەنجانی فەلەستینی یە بۆ ئاشتی و هەروەها
دامەزرینەرو ئەندامی دوو ریكخراوی جیهانی فیمینیستیشە { فۆندی جیهانی ژنان لە
سان فرانسیسكۆ، لەگەل ژنانی بەدیهینانی ئاشتی، شەبەكەی جیهانی لە دانشگای هارڤارد}.
سومی یە لە كۆرەكەیدا بە دورو دریژی باسی بارو دۆخی فەلەستینی كرد لە ژیر سایەی
داگیركاری ئیسرائیل دا ، ئەو زولم و زۆرەی كە ئیسرائیل لە دژی فەلەستینی یەكان ئەنجامی دەدات.
هۆشیار قادر ئەندامی نوینەرایەتی كۆنگرەی ئازادی عیراق لە سویسرا بەشداری لەم كۆرەدا كردو باسیكی كورتی دەربارەی وەزعی سیاسی عیراق كرد لە ژیرسایەی داگیركاری هیزەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی و تیرۆریزمی ئیسلامی داو ریگا چارەی كۆنگرەی ئازادی عیراقی خستەروو لە دامەزراندنی دەولەتیكی عیلمانی و مۆدیرن و نە قەومی و نە مەزهەبی و بە رەسمی ناسینی ناسنامەی ئینسانەكان بەبی لە بەر چاوگرتنی
رەگەزو میللەت و مەزهەب.
لەكۆتایی باسەكەدا كە پرسیارو روونكردنەوە هاتەپیشەوە هۆشیا قادر بۆچونی خۆی لەسەردرندەیی ئیسرائیل وئیسلامی سیاسی وەك و حەماس و جیهاد خستەروو،وە رایگەیاند كە ریگا چارە تەنها دامەزراندنی دەولەتیكی فەلەستینی یە لە پال دەولەتی ئیسرائیل دا كە توندی تیژی ئیسرائیل كۆتایی پی دینیت وئیسلامی سیاسیش دەخاتە كەنارەوە.
دوای تەواوبونی قسەو باسەكان هۆشیار قادر چەند راگەیاندنی كۆنگرەی ئازادی عیراق و ریكخراوی ئازادی ژنانی دا بە خانم سومی یە.

نوینەرایەتی كۆنگرەی ئازادی عیراق لە سویسرا 2006/12/05